چوارچێوەی هەماهەنگی دانوستانەکانی حکومەت لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرز دەنرخێنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، چوارچێوەی هەماهەنگی هەوڵستی حکومەتی لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرز نرخاند.

چوارچێوەی هەماهەنگی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: پشوازی لەو بەیاننامە هاوبەشە دەکات بەمبەستی دەستپێکردنی ئەو گفتوگۆیەی کە دەبێتە هۆی کشانەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەڕاسیۆنەکانی بە عێراق لە شەی دژی داعش.

ئاماژەی بەوەشدا: لە کاتێکدا پاپشتی کەمگەی نێودەوڵەتی بە عێراق بەرز دەنرخێنێت لە شەی دژ بە تیرۆر، هێرشەها پیرەزبایی لە هەوڵە مەزنەکانی هەموو هێزە نیشتمانییەکان کرد بە مەبەستی حکومەت بە درێژایی ماوەی ئابردوو بە دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە دووبارە دارشتنەوەی پەیوەندییەکانیان بە شێوەیەك کە مافەکانی عێراق و سەروەری و ئاسایش و سەقامگیری بپارێزێت.

هەروەك جەختیکردەوە، لە گرنگی داشتنی خشتەیەکی کاتی دیاریکراو و ڕوون بە ماوەی بوونی هاوڕکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و دەستکردن بە کەمکردنەوەی ژمارەی هاوڕکاران لەسەر خاکی عێراق.

تێکیدیشیکردوە: لە پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ گواستنەوەی پێوندییە دووقۆییە هەمەلایەنەکان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، ئەمنی و سەربازی بە شێوەیەك کە لەگەڵ دیدگای حکومەتی عێراقدا بگونجێت و بەشداری بکات لە باشترکردنی سەقامگیری ناوخۆیی و پاراستنی ئاسایشی وڵات.

هەروەها چوارچێوەی هەماهەنگی ستایشی، پابەندبوونی حکومەتی کرد بۆ بابەتانەی کە لە بەرنامەکێیدا هاتووە، کە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوەتی و پەناسەکردنەوەی بوونی و پێویستی، و تێئکدی لە متمانێیکی ڕەهای خۆی بە پێکهاتە ئەمنییەکان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق کردوە.

هاوکات چوارچێوەی هەماهەنگی داوا لە هەموو هێزە چالاکەکان دەکات، وەبەرهێنان لەم دەستکەوتەدا بکەن و دەرفەتێك بۆ دانوستانی عێراقی بدەن و کاریگەری لە کێش و هەوای گفتوگۆی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان نەکرێت.